## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (پرۆفیسۆرە کۆڵەوارەکە)



هەندێ نەیار هەن چەندە دژایەتیت بکەن، لە بری رقلێبوون پێیان پێکەنی باشە. بەلای منەوە پێکەنین باشترین هەقلێکردنەوەیە و بەخۆڕایی نەبووە پەروەردگار ئەو بەهرە و توانای پێکەنینەی تەنیا و تەنیا بە ئادەمیزاد بەخشیوە، چ گیانلەبەر و زیندەوەرێکی دیکە ناتوانێ و نازانێ وەك مرۆڤ پێبکەنن.

نەك هەر گەورە، بەڵکو جگە لە منداڵی ساوا کۆرپەی تازە لەدایکبوو پێدەکەنێ. ئەم خووە تایبەتمەندی مرۆڤە لە دێرزەمانەوە و بۆتە خولیای فەیلەسووفان و زانایان، بەتایبەتی زانایانی دەروونناس و جوانناسی، بۆ نموونە: (ئەفلاتوون، ئەرستۆ، شیشرۆن، دیکارت، ڤۆڵتیر، هیگڵ، برجسۆن، فرۆید و...). کەواتە پێکەنین لەو شتانەیە کە تەواو پەیوەستی ژیانە و بەپێی حاڵەتەکەش، واتە مەبەستەکەی، یان بە هۆی پێکەنینەکە ئەزانین گاڵتەپێکردنە، هاوسۆزییە، خۆشەویستییە، سووکایەتی پێکردنە، سەرسامبوونە، بەدڵبوونە و...تاد. ئەگەر لە شاکارە کۆمیدیاییەکانی (مۆلێر) وردبینەوە، بەباشی بۆمان دەرئەکەوێ بۆچی کەسایەتی (سەگاناریل) واتە (پیسکە)کەی، بەکوردی، یان (نەخۆشی واهیمە) و بەزۆر کرایە (دکتۆر) و قەشەکە لە (تەرتووف)دا کراونەتە گاڵتەجاڕ.

ئەو ناونیشانەی سەرەوە (پرۆفیسۆرە کلۆڵەکە) کە مەبەستە پێی بڵێم ( نەزانەکە) هەروەها (گوناهەکە): گێل، گەلۆر، گەلحۆ، گەمژە، تەپۆ، نازانم بۆ لە زمانی کوردیدا هێندە هاو واتای هەیە؟!

ڕەنگە بپرسێ: چۆن ئەبێ پرۆفیسۆر بێ و کۆڵەوار بێ؟ دیارە مەبەست لە کۆڵەوار، پێکدادراو و بە ئازار و وێرانەحاڵ و کەفتەکار نییە، هێندە ئەوەی کە دەمەوێ بڵێم شایەنی بەزەیی پیادا هاتنەوەیە، هێندە خۆی لە ئاستی هەق و ڕەوا گێل ئەکا و تەمی دەمارگیری چاوانی تاریك کردووە .

بەڵێ بەو پرۆفیسۆرییە، هێندە بوغز و کینەی لە دڵابوو، چاوی بە خۆری رۆژیشدا هەڵنەئەهات، بەتایبەتی بە وشەی کورد، یان کوردستان، بۆیە لەوانە بوو (بارە گوێزی لێبنێی خڕەی لێوە نەیە) . وای ئەزانی بە تەنیا ئەو لە سەر ئەم زەوییەیە کە خاکی ئەو نییە و داگیرکەرەکانی ئەو زەوتیان کردووە.

لە زانکۆ ئەرکی سەرپەرشتی مەڵبەندی رۆشنبیریم پێ سپێردرابوو، هولێکی سیمینار تەواوبوو،

## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

کۆبووینـەوە بـۆ ناونانی، منیش نـاوی (ئەحمەدی خانی)م بە دەمداهـات، یەکسـەر پرۆفیسـۆر (هـادی عـەوەز) کە راگری کۆلێجـی زانستەکان بـوو، گرژبـوو، بـرۆی راسـت و چـەپ کـرد و نەڕانـی (لا،لا،لا)، تـەواو لـە کەللـەی دام، وتـم: بـۆ واشپرزەبووی؟

: خانی نا، فارابی.

: خانـی نـا، لەبـەر ئـەوەی کـوردە؟ بـەڵام هـەر نەبوایـە بـا عەرەبێکـی پـڕ بـە پـڕی ئـارەزووی خـۆت بگوتایـە، فارابـی عـەرەب نییـە، وابزانم لە عەرەبی تۆشـدا هاوشـانێکی (خانی) نییە و ناشبێ .

ئەمـە سـەرەتای مـن بـوو لەگـەڵ شـۆڤینییەکی عەرەبـی بەعسـی، ئیتر هەر رۆژەو شـەڕێکی بە من ئەفرۆشت. رۆژێ خـۆی کردبـوو بـە هۆڵـی مەڵبەندەکـەدا و لە سەرشـانۆکەی، تابلۆیەکـی (دیلاکـروا) کە هونەرمەنـد (لالەی عەبدە) وێنەی کێشـابوویەوە، بـەلای ئەندازیـاری دیکـۆرەوە (کەمـال حاجـی عەبدوڵـڵا) گونجـاو بوو. هەروەها مامۆسـتا (قـادر کوردی)، ئـەم دەعبایـە تابلۆکـەی فڕێدابوو، دەسـتی کردبوو بە قسـەی بێسـەر و جـێ . ئیتـر بـەردەوام بـوو. ئێوارەیـەك لـە پرۆڤـەی شـانۆیی تەواو ببووین، چووین بۆ یانەی مامۆسـتایان، هێندەم نەزانـی لـە پرسـگەکەوە هاتـن و وتیـان تەلەفۆنـی ئەیەوێت، تەلەفۆنـم هەڵگـرت، کارمەندەکانـی مەڵبەندەکە بـوون، حاجی مەکـی، فەوزی سـینەما، فەتحـی وێنەگر، عومـەری کەریم ئاغا، نەژاد عـەبدوڵڵا، ساڵح حەسەن ..

: ئەوە خێرە ؟

: هـادی عـەوەز هاتـووە هـاوار و شیرەشـیر و جنێودانیەتـی کەسمانی لێدەرنەکردووە .

: ئەوا هاتم نەیەڵن بڕوات .

شـوێنەکە راستەشـەقامێ بـوو. بـە تەکسـییەك گەیشـتم، هەرچییەکی گوتبوو، هەرلە دەرگاکەوە سەد ئەوەندەم پێ وت، لە پرسـگەکە دارێکی کلکە گەسـکی لێبوو هەڵمگرت و بۆی چووم، ئەو ساتە خوالێخۆشبوو (د. خەسرەو شاڵی) بەرەو رووم هـات، لـەلای من خۆشەویست بوو، تـکای لێکردم بیبەخشم پێی، ئیتر نازانم ئەو پرۆفیسـۆرە (سـنگ شـێری .. پشـت ) چۆن فجوقی کرد و تێیتەقاند.

ئـەم (نائوسـتادە) دڵـی دەیـان کەسـی رەنجاندبـوو. زۆرجـار بەگژ پاسـەوانەکانی زانکۆدا چووبوو، لەسـەر ئەوەی سەلامی سـەربازییان بـۆ نەکـردووە، یـان هەنـدێ کەسـی بەڕێـز کـە مامۆسـتای زانکـۆش بوون، لێیان تـووڕە ببووە، چۆن ئەبێ بە بێ ڕێگەپێدان لە ژوورەکەی دانیشن؟!

هەر ئەو شـەوەی کە کونە مشـکی لێبوو بە هەیوانی کیسرا، نەك قەیسـەری. دانیشـتم و یادداشـتێکم ئاراسـتەی سەرۆکی زانکـۆ کـرد، کـە ئـەم (نائوسـتادە) چەنـدە بەدڕەفتـاری و بەدکرداری بە بەدمەستی و بەدمەبەستی کردووە و هیچی تیا نەهێشـتۆتەوە، بە گەواهی ئەو ژمارە کارمەند و خزمەتگوزارە لەوە ئەچوو ئەو یادداشـتە تەشـەنەی بۆ زۆر شـوێنی دیکەش کردبوو، بۆیە تەواو شپرزە ببوو، بەتایبەت کە ئاماژەم بۆ لایەنی یاسـایی و دادگاگرتنەبەر کردبوو، بۆ سـبەینێ هەواڵم بیست ئەوا (نائوستاد) حاڵی شرە و نزیکە لە حاڵی جاو.

نیوەڕۆ بە شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلەی بۆم تەرخانکرابوو وتم، بە بەرماڵی (پرۆفیسۆر)دا رابوورە، کە سەیرم کرد حەشاماتی لـە (مەسـینەدانانی) ماسـتاوچی، یەکزیـی و مەلوولـی لەبـەرماڵەکەیـا کەوتـوون، تیایانـدا هەبوو قەسـاب و قوربانی هێنابـوو بـە بەر ماڵەکەی و دەسـتەو نزا بوو! کاتێ گەیشـتمە ئاسـتیان، شووشـەکەم هێنایە خوارەوە و بە دەنگە شـانۆییەکەم، بەبـێ سـڵاوکردن وتـم: ئـەرێ ئەوە خێـرە؟ خوانەخواسـتە هیچ نەقەوماوە؟ بە کۆرسـی، کۆرسـی کاسەلێسـان و چاوچنۆکان: خوا رەحمی پێبکات. بەخوا باش نییە، کوێر بین.

: ئەی باشـە خێرە مەمەندێکتان تیادا نییە، چەقۆیەك بەولا ملەیدا بێنێ و لەو ئازارە مەرەخەسی کات؟

هەمـوویـان قڕوقەبیـان بوو، ئەترسـان خێرەومەندێ ئاگاداری بـێ وەرامـی و بـێ هەڵوێسـتیانبێ . لـە هەمووشـی خۆشـتر ئەوە بوو، پاش ماوەیەك بۆ چارەسەری دەردی گرانی ئەچێتە (لەنـدەن) ئەوکاتە (د. شـێروان عومەر بەگـی بابان) خەریکی خوێندنـی دکتۆراکـەی بـوو، چـاوی پێی ئەکـەوێ، زۆر باش ئـاگاداری نێـوان من و (نائوسـتاد) ئەبێ، بۆیە هێندەی دیکە سـەرودڵی ئەگیرێ، کە شـێروان بە پەرۆشـەوە، خۆی لێ گێل ئـەکات و هەواڵـی بـاری تەندروسـتی منی لێ ئەپرسـێ، بەم هەواڵی من پرسینە، دەردەکەی گرانتر ئەبێ و وەرامی ناداتەوە و شەقێکی بێزاری لە پاشی خۆی هەڵئەدا .

بـەری ماوەیـەك (د. بـارام خدر مەولـود )ی ئازیـزم بینی، لێمپرسی: ئەرێ کاکە دکتۆر، بەو بۆنەیەوە تۆ لە کۆلێجەکەی ئەو کابرایە مامۆستا بووی، هەواڵی نازانی؟

: نەماوە .

: ئـای کـە کابرایەکی بۆغرا بوو، ئەبوو بیزانیایە (بوغرابوون نوغرۆبوونی لەدوایە) و خوا فەرموویەتی:

کل نفس ذائقة الموت .

**کاتێ گەیشتمە ئاستیان، شووشەکەم هێنایە خوارەوە و بە دەنگە شانۆییەکەم، بەبێ سڵاوکردن وتم: ئەرێ ئەوە خێرە؟ خوانەخواستە هیچ نەقەوماوە؟ بە کۆرسی، کۆرسی کاسەلێسان و چاوچنۆکان: خوا رەحمی پێبکات. بەخوا باش نییە، کوێر بین**

# شیرین جارێكی دیكە مێرد ناكاتەوە

لە میانەی بەرنامەی (معكم) كە بەرنامەیەكی كۆمەڵایەتی و هونەرییە هەفتانە لە كەناڵی (CBC) پێشكەش دەكرێت خانمە ئەكتەری میسری شیرین رەزا باسی لە دوایین فیلمی خۆی كرد. هەروەها تیشكی خستە سەر چەند بابەتێكی تایبەت بە ژیانی خۆی و جیابوونەوەی لە گۆرانیبێژی میسری عەمرو دیاب و چارەنووسی كچەكەی.

لە سەرەتای بەرنامەكە شیرین رای خۆی دەربارەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەربڕی و تا رادەیەكی زۆر مایەی سەرسوڕمانی بینەران و جەماوەرەكەی بوو



# سەلمان خان ناوێكی نوێ بۆ كاترینا كیف دادەنێت

ماوەیەكە پێوەندی نێوان سەلمان خان و كاترینا كیف پچڕاوە و نەماوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەكان هەردوولا حەز دەكەن ئەم پێوەندییە نوێ بكەنەوە، ئەمەش لە دوایین ئەڵقەی (Bigg Boss ٩) بە ئاشكرا دەركەوت، چونكە سەلمان نەیهێشت چاوی لە كاترین دوور بكەوێتەوە.

لەوبارەیەوە سەلمان دانی بەو راستییە نا و وتی:ئەوەی راستی بێت من ناتوانم چاوم لە كاترینا دوور بخەمەوە بەتایبەتی كاتێك گۆرانی (Pashmina)ی دەوت زۆر جوان و سەركەوتوو بوو.

ئەوەی ئەم بیرۆكەیەی زیاتر پشتڕاست كردەوە لێدوانی كاترینا بوو، كاتێك خۆشحاڵی خۆی بۆ كاركردن لەگەڵ سەلمان دەربڕی و لەم بارەیەوە وتی: هەست بە ئارامی دەكەم كاتێك لەگەڵ سەلمان خان لەسەر شانۆ دەردەكەوم و هەست دەكەم كار لەگەڵی زۆر ئاسانە.

سەلمان خان لە بارەی گۆرانییەكەی كاترینا زیاتر دەڵێت: لەبەر ئەوەی گۆرانییەكەی زۆر بە جوانی ئەدا كردووە، من ناوی دەنێم پاشمینا كیف.

شایەنی باسە پاشمینا جۆرە سۆفێكی كشمیرییە كە ئافرەتانی هیندستان لە ملی خۆیان دەئاڵێنن و لە هیندستان زۆر باوە و چەندین جۆری هەیە.



کاتێك بە ئاشکرا وتی: بە بۆچوونی تایبەتی خۆم سەربەخۆبوونی مرۆڤ لـە ژیانـی تایبەتـی خۆی هەسـتێکی خۆش دەبەخشـێت، بۆیـە من وای دەبینم کە هاوسـەرگیری پرۆسـەیەکی سەرنەکەوتووە، چونکە بەشداری کردنی دوو کەس کە زۆر زانیارییان دەربارەی یەکتری نییە لە هەموو شتێك، بێگومان لـە کۆتاییـدا دەبێتـە هۆی شـێت بوون، بە هـۆی بوونی هاوڕێی خۆشەویسـت هەست بە تەنیایی ناکەم و حەز دەکەم هەمیشە سەربەخۆ بم.

لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا دەربـارەی ئایـا حـەز دەکات دووبـارە ژیانی هاوسـەرێتی پێکبهێنێتـەوە؟ شـیرین وتی: ئەسـتەمە من جارێکـی ئەم ئەزموونە دووبـارە بکەمـەوە، دوو جـار ئـەم ئەزموونـەم بینیـوە و تێیـدا سـەرکەوتوو نەبـووم، بۆیـە نامـەوێ بـە هیـچ شـێوەیەك سـێبارەی بکەمەوە، چونکە من لەو کەسـانە تا دڵنیا نەبم لە سەرکەوتنی هیچ کارێك ئەنجامی نادەم.

شـایەنی باسـە یەکـەم هاوسـەری شـیرین گۆرانیبێـژی میسـری عەمرو دیـاب بـوو، دوای جیابوونەوەیان دووبارە ژیانی هاوسـەری لەگەڵ بیزنسـمانێکی میسری پێکهێنا، بەڵام دوای دووساڵ دیسان جیابۆوە.

# کیت بلانشێت لە کۆمبارسی ئەحمەد زەکی-یەوە بۆ ئۆسکار



کیت بلانشێتی ئوستراڵی یەکێك لە ئەستێرە ناودارەکانی هۆلیۆد و تا ئێستا لە چەند فیلمی سینەماییدا رۆڵی سەرکەوتووی بینیوە و جگە لە سینەما لە شانۆشدا سەرکەوتوو بووە، بۆیە ئێستا لە ئامادەسازیدا بۆ بەشداریکردن لە یەکەم شانۆگەری خۆی لە برۆدوای.

لەم بارەیەوە شانۆی سیدنی رایگەیاند کە لە ئەمساڵدا بلانشێت وەك پاڵەوان لەگەڵ ئەکتەر ریتشارد رۆکسبۆرگ بەشداری لە یەکەم نمایشی شانۆییدا دەکات بە ناوی (زە بریسنت) کە لە رۆمانێکی رۆماننووسی ناوداری رووسی ئەنتۆن تشیخۆف وەرگیراوە و لە دەرهێنانی جۆن کرۆلی-یە.

یەکەم دەرکەوتنی بۆ ساڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك وەك کۆمبارس بەشداری لە فیلمی (کابۆریا)دا کرد کە لە پاڵەوانیەتی هونەرمەندی کۆچ کردووی میسری ئەحمەد زەکی بوو. ئەو کات بلانشێت بە رێکەوت لە میسر بوو کاتێك هاوڕێیەکی داوای لێکرد بەشداری لەم فیلمەدا بکات و لەو کاتەوە بیری لە نواندن کردەوە بۆیە کە گەڕایەوە وڵاتەکەی بڕیاری دا، روو لە جیهانی نواندن بکات و بەردەوام بوو، تا توانیی چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنێت، لەوانە خەڵاتی سەندیکای ئەکتەرانی شاشە و گۆڵدن گلۆپ و باڤاتا و ئۆسکار.

# ڕەگەزپەرستی، بێلایەنی ئۆسکار دەخاتە ژێر پرسیارەوە

ئەمساڵیش وەك زۆر لە ساڵەكانی بابەتی بەشداری نەكردنی ئەكتەرە ڕەش پێستەكان لە ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتەكانی ئۆسكار دەورووژێنرێ و دوایین جار كە ئەم بابەتە هاتە ئاراوە، ساڵی پار بوو، بەڵام پێدەچێت ئەمساڵ بابەتەكە دەنگۆ و مشتومڕی زۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت و بە هێمنی تێپەڕ نەبێت.



لـەم بارەیەوە دەرهێنەری سـینەمایی سـبایك لـی و خانمە ئەكتەر جادا بینكـت سـمێس كـە هەردووكیـان ئەمریكـی بـە ڕەچەڵـەك ئەفریقیـن ڕایانگەیاند بایكۆتی ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتەكانی ئەكادیمیای ئەمریكی بۆ زانسـت و هونەرەكانی سینەمایی(ئۆسـكار) دەكەن، بە هـۆی نەپاڵاوتنـی هیـچ ئەكتەرێكـی ڕەش پێسـت بـۆ خەڵاتـەكان، ئەمەش دووەم سـاڵە كە ڕەش پێسـتەكان بێبەش دەكرێن. لەم بارەیەوە سبایك لی ڕایگەیاند: بایكۆتكردنی بەشداری نەكردنمان لە هاوكات لەگەڵ ڕۆژی نیشتمانی یادكردنەوەی بانگخوازی ناسراوی مافی مرۆڤ مارتن لۆتەر كینگە، هەروەها لە تویتەر نووسی بووی: چۆن دەكرێ بۆ دوو ساڵا لە دووی یەك كە بیست پاڵێوراو كێبڕكێ دەكەن، ئەكتەری سپی پێست بن. سەیرە ٤٠ ئەكتەری سپی پێست دوو ساڵ لەسـەر یەكتـری پاڵێـوراو بن، بێ ئـەوەی هیچ ڕەش پێسـتێكیان تێدا بێت.

هەر سـەبارەت بەم بابەتەوە شـیریل بۆن ئیزاكس سەرۆكی ئەكادیمیای ئەمریكـی بـۆ زانسـت و هونەرەكانـی سـینەمایی (ئۆسـكار) وتی:سـەرەڕای ڕێوشـوێنەكانی ئەكادیمیـا كـە گۆڕانـكاری زۆری بەخۆیـەوە بینیـوە و هاندانێكـی باش بوو لە بـواری هەمەڕەنگی، بەڵام گۆڕانكارییـەكان بـەو خێراییـە ڕوونـادەن كە ئێمە دەخوازین، ئیزاكسـی بە ڕەچەڵـك ئەفریقیـە زیاتـر وتی: هەسـت بە خـەم و دڵتەنگییەكی زۆر دەكەم لەبەر نەبوونی فرەیی لە خەڵاتەكانی ئۆسكاری ئەم ساڵدا بۆیە داوا دەكەم كە گۆڕانكاریی گەورە ئەنجام بدرێت.

جگە لە بینكت سمێس كە بەشداریی لە دوو فیلمی (ماترێكس)دا كردووە وێل سمیسـی هاوسـەری كە ئەم سـاڵ فیلمی ( كۆنكشـن)ی پێشـكەش كردووە و ڕەخنەگران و شـارەزایانی بواری سـینەما پێیانوابوو وێل دەبێتە یەكێك لە پاڵێوراوە هەرە سەرەكییەكانی بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەكتەر و ئیدریس ئالبا كە فیلمی ( بیستس ئۆف نونیشن)ی پێشكەش كردووە ڕایانگەیاندووە كە ئەوانیش بەشـداری لە ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتەكانی خولی هەشتا و هەشتەمینی ئۆسكاردا ناكەن.

دوو ساڵە لەسەر ئاستی باشترین ئەكتەری ئۆسكار مشتومڕێكی زۆر

دروووست دەکرێ کە هیچ ئەکتەرێکی ڕەش پێست پاڵێوراو ناکرێ بۆ بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە، بەڵام سبایك لی و بینکیت لە کەسایەتییە هەرە دیار و ناسراوەکانن کە بایکۆت کردنی خۆیان بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی ئەم ساڵدا نیشانداوە، دواتریش هەرە یەکە لە وێل سمێس و ساموێل جاکسۆن و پێشکەشکاری ئاهەنگەکانی ئۆسکار کریس رۆك پشتیوانی خۆی بۆ ئەم هەنگاو دەربڕی و وێل سمێس بۆ زیاتر پشتگیری کردنی هاوسەرەکەی هەڵمەتێکی بەرفراوانیان لە ڕێگای ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێکردووە و پێدەچێت ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەر و سینەماکارە ڕەش پێست و تەنانەت سپی پێستەکانیش پشتیوانییان لێ بکەن، چونکە پێیانوایە بەردەوام بوونی ئەم کارانە و بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەك ئەوە نیشان دەدات کە ئەمە بە ڕێکەوت نەبووە بەڵکو دەتوانرێ بە کارێکی پیلان بۆ داڕێژراو بێت کە پێشتر کاری بۆ کراوە ئەمەش کاریگەریی لەسەر بێلایەنی و ناوبانگی پڕ بەهاترین خەڵاتەکانی سینەمای جیهانی هەیە و نیشانەی پرسیار دەخاتە سەری.

سبایك لی کە پێشتر خەڵاتی ئۆسکاری فەخری بەدەستهێنابوو بە شێوەیەکی توند نارەزایەتی خۆی دەربڕیوە و سکاڵایەکی پێشکەش بە ئەکادیمیای ناوبراو کردووە و تێیدا دەڵێ: فرەئیتنی لە پاڵێوراوەکانی ئۆسکاری ئەمساڵ و پار ساڵیشدا بەدی ناکرێ، بۆیە ناکرێ ئێمە بێدەنگ بین و پشتگیری لەم خەڵاتە بکەین کە پاڵێوراوەکانی تەنیا سپی پێست بن. لە کاتێکدا ئێمە بە دەیان ئەکتەری ڕەش پێستمان هەیە کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدان.

سبایك ئەم هەنگاوەی بە جەنگ ناوبردووە و لەم بارەیەوە دەڵێ: جەنگی ڕاستەقینە دەربارەی ڕەگەزپەرستی لەگەڵ ئەکادیمیا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ستۆدیۆکانی هۆلیۆد و تۆڕەکانی تەلەفزیۆن و میدیاکانە.

کاردانەوەی (بنکیت)یش لەم بارەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر توندبوو. ئەو لە نامەیەکدا لە تویتەر نووسیویەتی: بڕیارم داوە ئامادەی ئاهەنگی ئۆسکار نەبم، ئێمە کەسانێکی خاوەن کەرامەتین، لە هەمان کاتدا هێزیشمان هەیە، ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ یادکردنەوەی مارتن لۆتەر کینگ، پێویستە ئەم پرسیارە ئاراستەی هەموو لایەك بکەم: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە خەڵکانێك درك بە هێز و کاریگەریی ئێمە بکەن، بۆیە چاوەڕێی هیچ کەسێك ناکەین لەم ڕووەوە بانگهێشتنامەمان بۆ بنێرێت.

جگە لەمانە کریس رۆك پێشکەشکاری ئاهەنگەکە جۆرێك لە نارەزایی دەربڕی، چونکە لە سەرەتای قسەکانی وتی: ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی تەلەفزیۆن بۆ ئەکتەرە ڕەش پێست و سپی پێستەکانە، بەڵام دواتر دوای ئاشکراکردنی ناوی پاڵێوراوانی خەڵاتەکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکیش ڕایگەیاند: پێدەچێت ئەم ئاهەنگە تەنیا بۆ ئەکتەرە سپی پێستەکان بێت.

وێل سمێسیش لە میانەی بەرنامەی (بەیانی باش ئەمریکا) دژایەتی خۆی بۆ پاڵێوراوانی ئەمساڵی ئۆسکار دەربڕی و هەر لەو بارەیەوە وتی: ئەگەر لەم ئاهەنگەدا بەشداری بکەم، دەبم بە بەشێك لەو گرفتەی کە دوو ساڵە لەسەر یەك دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە من ڕازی دەبم لەسەر نەپاڵاوتنی هیچ ئەکتەرێك جگە لە سپی پێستەکان نەبێت و کاتێك منداڵەکانمان ئەمە دەبینن لە سەر شاشەی تیڤی خۆیان بە کەم دەزانن کە هیچ ئەکتەرێك نییە لەم ڕووداوە جیهانییەدا نوێنەرایەتییان بکات.

لە ساڵی ٢٠١٤ ڕووداوێکی لەم شێوەیە ڕوویدا لە زنجیرە کارتۆنی تۆم و جیری و بەرهەمهێنەرانیان بە ڕەگەزپەرستی تۆمەتبار کران، بەتایبەتی کاتێك ئافرەتێکی ڕەش پێست بە خزمەتکاری ناوماڵ تەوزیف کرا، بۆیە زۆر لە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی ڕەخنەیان لێ نەگیرێت بەر لە پێشکەشکردنی زنجیرەکە ئاگادارییەکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو: لەوانەیە لەم زنجیرەیەدا چەند ئاماژەیەك بە ڕەگەزپەرستی هەستیان پێ بکرێت کە پێشتر لە کۆمەڵگەی ئەمریکی باو بوون، بێگومان چۆن ئێستا هەڵەن ئەو کاتیش هەڵە بوون.

